

# پەروەردە و هیوا

پەشێو مەجید*

"بەبێ بوونی هیوا، مەحاڵە بتوانین بیریش لە پەروەردە بکەینەوە" پاولۆ فرێری ٢٠٠٧

پێم خۆشە لەگەڵم لەو دەمە تێفکری کە تووشی منداڵێك دەبی لەسەر شەقامێك یا کۆڵان یا ماڵەوە یا هەرشوێنێك، هەر کە ڕووبەڕووی دەبیتەوە دڵت بە ڕوو و ڕووخساری جوان و ئاییندە بەخشی ئەو منداڵە خۆش دەبێت و تۆش ناچار و بێ ئەوەی دەسەڵاتی خۆتی تێدابێ لە بەرامبەردا زەردەخەنەیەك دەتگرێت. ئەگەرچی هەمیشە ئەوە جێی پرسی من بووە و ویستومە بزانم چ نهێنییەك لە پشتی ئەو تەماشا و مەودای نێوان بینین و نیگای ئەو دوو کەسە لە چۆنە و لەکوێوەیە و چییە؟ ڕاستی دەتوانی بە لێکدانەوەیەکی میتافیزیکی بێیت و و ماوەیەکی باش ووتارم بۆ بدەی و لێکی دەیتەوە، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لەڕووی بایەلۆژی و سایکۆلۆژیەوە، ئەوەیە کە چ لێکدانەوەیەك بۆ ئەو بەریەککەوتنە ناوازەیە هەیە؟

ڕەنگە ئەو وەڵامەم ئێستا دەستنەکەوێ، بەڵام بەشێوەیەکی کاتی دەتوانم ئەوە بەخۆم بڵێم کە لە هەر جۆرە ڕووداوێکی لەم جۆرە، درووستبوونی زەردەخەیەکی وای لە ویست بەدەر، هۆکاری ئەوەیە کە ئێمە ڕاستەوخۆ بە داهاتووەوە بەستراوینەوە، واتە هەر کە ڕوخساری منداڵێك ئەبینین، داهاتوومان لا ڕوونە و هیوامان دووبارە گەشە ئەکات کە ئەگەر ئێمەش لێرە بڕۆین کەسێك هەیە لە شوێنمان ئیش و کاری ئێمە بەردەوامی پێئەدات. واتە تاوەکو منداڵ هەبێت، داهاتوو و هیوا بوونی هەیە. ڕاستی پێم وایە مرۆڤ ناچارە لە هیوادار بوون، واتە مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری هیوابێت، ئەوە شتێکە لە دەسەڵات و تینی ئەو بەدەرە. لە هەمان کاتیشدا ئەو هەستە خۆشهێنەر و دڵخۆشکەرەی کە لەنیگایەکی وادا دەستمان ئەکەوێت، ئەرکیشمان ئەخاتە سەر شان و بەرپرسیاریەتی گەیاندنی ئەو مەشخەڵەمان دەخاتە ئەستۆ کە ئێستا هەڵمان گرتووە لە باوانی ئێمەوە پێمان دراوە. ئەرکی گەیاندنی ئەو منداڵە بە داهاتوو تا ئەو سنوورەی بۆمان دانراوە ئەرکێکی ناچاریە، ئەبێ بکرێت.

دەڵێن، لە وولاتێك لە وولاتەکانی عەرەبستان، شێخێك خەریکبوو داری دەچاند و کەسێك بە لایدا هات و پرسی کە لەبەرچی ئەو کارە دەکات، دەڵێت "ئەو زەمەنە خەریکە وەرئەگەڕێت و کۆتایی دێ، چاندنی دارێك بە تایبەتی دارێکی وا کە بەری بە ساڵێك یا دووان ناگات، بۆ چیە؟ چی سودێکی هەیە؟ بۆچی ئەبێ خۆتی پێوە ماندوو بکەیت؟ کابرای شێخیش لە وەڵامدا پێی ئەڵێت : "ئەوانەی پێش ئێمە چاندیان ئێمە لێیمان خوارد، ئێمەش لەسەرمانە بیچێنین تاوەکو ئەوانەی دێن لێی بخۆن".

ڕاستی من پرۆسەی پەروەردە ڕێك وەکو ئەو کردەیەی ئەو شێخە ئەبینم، ئامانج و فەلسەفەی پەروەردە، بوون بە مامۆستا و پەروەردەکار، و دوا وێستگە و کۆتاخاڵی ئەو پرۆسەیە، هەڵگرتنی مەشخەڵێکە بۆ گەیاندنی بە نەوەی داهاتوو. دەکرێ ئەو مەشخەڵە لە نەویەکەوە بۆ نەویەکی کز با خۆشتر بێ، وەلێ گەیاندنی ئەرکێکی ناچارییە. کزی و خۆشی مەشخەڵەکە دەلالەتێکە لەسەر بەهێزی ویست و سووربوون یا ساویلکەیی و بێ خەمبوون لەسەر گەیاندنی مەشخەڵەکە بە وێستگەی داهاتوو.

هیوا بەشێکی دانەبڕاو و تێکهەڵچڕژاوی ژیانی مرۆڤە، لە ڕاستیدا هەر هیوایە مانایەك بە بوونی مرۆڤ دەبەخشێت. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە لە هەر کەوتن و فیتنە و ونبوون و لە دەستدان و لاوازی و بێ دەسەڵاتیەك، لە قوڵایی ناخدا تەنها هیوا و ئومێدی بەیانی پارێزەری ڕەگەزی مرۆڤە بۆ مانەوە. یەکێ لە هۆکارە هەرە سەرەکیەکان بۆ ژیاندنەوە و چەسپاندنی هیوا و هەوڵدان بۆ مانەوە، لە هەر شوێنێك، پەروەردەیە. گەر دووبارە ئاماژە بە دیدگای نووسەر و پەروەردەکاری ڕادیکاڵی بەڕازیلی پاولۆ فرێری بدەم کە پێی وایە، هیوا ڕەگی لە ناکەماڵ بوونی مرۆڤ چەقیوە و هەر لەوێشەوە مرۆڤ بەناچاری دەستدەکات بە گەڕان و دۆزینەوەی پرسیارەکانی بۆ بەرەو کەماڵ چوون. کە ئەو هەوڵ و پرۆسەی وێڵ بوونی مرۆڤ بەداوی پرسیارەکان پێ ئەوترێت، پەروەردە. بەم شێوەیە بێ، واتە پەروەردە و هیوا لە ئەدگارێکی ئۆنتۆلۆژی هاوبەشن. پێم وایە تەواوی هەوڵ و تەقەلای مرۆڤەکان لە دانانی سیستەم و پرۆسەیەکی ڕێك و یەك بە دوای یەك هاتوو بە مەبەستی پەروەردە، هەوڵێکە بۆ هێشتنەوە و گڕدانی هیوا و ئومێد لە ناخی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە. وەلێ ئەو دەمەی کە ئەو سیستەمە لە پێناوێکی تر و ئامانجێکی تردا ئەنرێت، ڕێك بە پێچەوانەوە مرۆڤەکان ئەکرێن بە هۆکار بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە. کە لەو کاتەدا ئەو سیستەمە لە ترۆپکی نامرۆڤ بوون و نامرۆڤ کردنە. بەشێوەیەك کە دەبێتە هۆکارێك بۆ شوشتنەوەی بیر و دڵی مرۆڤ و تاکەکان لە بوونی هەر چەمکێکی وەکو هیوا و ئومێد و بەیانی.

هەر سیستەمێکی پەروەردەیی لە هەر شوێنێك بێ، هەڵگر و بگۆی خەم و ئاوات و هیوا و نائومێدیەکانی تاکەکانی نەبێت، سیستەمێکە بۆ غەیری ڕەگەزی مرۆڤ. لە جیاتی ئەوەی مرۆڤەکان وا لێ بکات زیاتر هەست بە مرۆڤ بوون بکەن، بە پێچەوانەوە مرۆڤەکان لە مرۆڤ بوون دەخات.

ئەم بابەتە دوای خوێندنەوەی ئەو هەواڵە نووسرا، کە بەڕێز د. سەروەر عەبدولڕەحمان بە وێنەوە بارودۆخی ئەو دوو منداڵە ئەخاتە ڕوو و دەڵێت کە ئەوە بۆ ساڵی دووەمە تەنها لەبەر ئەوەی خاوەن پێداویستی تایبەتن وەرنەگیراون لە قوتابخانە!

*خوێندکاری ماستەر لە مەنهەج و فێرکردن، لە زانکۆی سینسیناتی ئەمریکی

سەرچاوە:

Daring to dream. Boulder، CO: Paradigm .(٢٠٠٧) .Freire، P